# دوای دەستوور ، کوردستان و پرسی سەربەخۆیی!

## گفت وگۆ لەگەل تاهیر حەسەن

خەسرەوسایە: هاوری تاهیر حەسەن، دوای تێپەڕبوونی سیناریۆی دەستور، چەند هەفتەی تر دەنگدان بۆهەڵبژاردنی کۆمەڵەی نیشتمانی عێراق دێتە پێشەوە و بەم جۆرەش ڕەوەندی شکڵپێدانی دەوڵەت لەعێراقدا هەنگاوەکانی خۆی تێدەپەڕێنی. بەڕای ئێوە لەم سیناریۆو هەنگاوا نەدا پرسی سەربەخۆیی کوردستان بەرەوکوێ دەبات؟ بەواتایەکیتر ئەم گۆڕانکاریانە چەندە خواستی سەربەخۆیی کوردستان وەک داوایەکی واقعی و جەماوەری دەهێڵێتەوە؟

تاهیرحەسەن: گێڕانی ئەو زنجیرە سیناریۆ گاڵتەجاڕانەیەی کە ناویان لێنا, قانوونی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی کاتی و پڕۆژەی دەستوور و ئێستاش مەسەلەی هەڵبژاردن,نەك هەر هەنگاونان نەبوو و نیە لە ڕاستای شكڵدان بە دەوڵەت لە عێراقدا, بەڵكو هەنگاونانە لە ڕاستای قووڵكردنەوەو غەرقكردنی هەرچی زیاتری كۆمەڵگەی عێراق لە نێو سیناریۆی ڕەشی ئێستادا!. كۆمەڵگەی عێراق دوای وێرانكردنی تەواوی بنەما مەدەنی و حكومەتیەكانی, لەلایەن دەیان هەزار سەربازی ئەمریكایی و هاوپەیمانەكانیەوە داگیر كراوەو ئاسۆیەكیش بۆ چوونەدەرەوەیان دیار نیە, دەوڵەت و حكومەت و فۆنكسیۆنەكانی چەرخاندنی ژیانی كۆمەڵگە لەهیچ ئاستێكدا بوونیان نیە!. جۆرج بووش بێ پەردە ووتی:(عێراق مەیدانی سەرەكی جەنگی ئێمەیە لە دژی تیرۆر!),بێگومان بۆ ئەوەی مەیدانێكی جەنگ مانای هەبێت, دەبێت دوو لایەنی شەڕ كەر هەبن. سیناریۆی دەستوور و ئێستاش هەڵبژاردن ,جگە لەلایەنێكی ئیعلامی جیهانی بۆ شاردنەوەی شكستی سیاسی و سەربازی دەستەی فەرمانڕەوای ئەمریكا لە عێراقدا,هاوكات هەوڵێكی ئیدارەكەی (بووش) ە بۆ ڕیزبەستنی هەرچی زیاتری هێزو باندە ڕەشە جۆراوجۆرەكانی عێراق لەدەوری سیاسەت وئامانجەكانی خۆی, تەنانەت بە جەنەراڵەكانی سوپای حەرەس جمهوری ڕژێمی بەعسیشەوە, كەناویان لێناوە( ئاشتبوونەوەی نیشتیمانی)!. بەڵام هەر جۆرێك بێت ,سەرئەنجام كۆمەڵگەی عێراق كێشەی گەورەی سیاسی و كۆمەڵایەتی و حكومەتی و ئەمنی هەیە,بەگێڕانی سیناریۆی كاڵتەجاڕانەو ڕسوای وەك نووسینی چەند پەڕە كاغەزێكی دەستوور و هەڵبژاردن, دەرگای ئەم دۆسیە گەرمانە, نەك هەر داناخرێ,بەڵكو زیاتر دەكەونە سەرپشت و وەلاّم دەخوازن. بەبێ دەركێشانی كۆمەڵگەی عێراق لە نێوان بەرداشتی جەنگی تیرۆریستی ئەمریكاو ئیسلامی سیاسی, واتە بەبێ كردنە دەرەوەی هێزەكانی ئەمریكاو كۆتایی هێنان بە داگیركاری عێراق و دەستكۆتاكردنی تیرۆریزمی ئیسلامی, پڕۆژەی دەستوورو هەڵبژاردن و قسەكردن لە دامەزراندنەوەی دەوڵەت تەنیا گاڵتەجاڕیەكەو هیچی تر!. ئەو هێزانەی كە قسە لە هەڵبژاردن ودامەزراندنەوەی دووبارەی دەوڵەت دەكەن, هەموو ڕۆژێك خۆیان لەبەرامبەر یەكتریدا پێناسە دەكەنەوەو سەرانی یەكتری تیرۆر دەكەن!!

مەسەلەی چارەنووسی خەڵكی كوردستان یەكێك لەو دۆسیە گەرمانەیە كە بزووتنەوەی كوردایەتی لەپێناوی وەرگرتنی بەشی خۆی لەدەسەلاّتی سیاسی مەركەزیدا بەناڕەوا بردوویەتیە نێو ئەم گێژاوی جەنگی تیرۆریستانەوە. من پێم وایە لێرە بەدوا شاهیدی بە خۆدا هاتنەوەو هاتنە پێشەوەو ڕیزبەستنی زیاتری بەرەی ناسیونالیزمی عەرەب وئیسلامی سیاسی دەبین لەپێناوی پچڕینی بەشی زیاتریان لەدەسەلاّتدا.بەمانایەكی تر ڕووداوەكانی لێرە بەدوای شانۆی سیاسی عێراق,ئەكتەری تازەو بەهێزتر دەهێنێتە پێشەوە. بەم پێیە مەسەلەی سەربەخۆیی كوردستان لەبەرامبەر هێزی نەیاری زیاتر و بەخۆدا هاتوو تری ناسیونالیزمی عەرەب و ئیسلامی سیاسیدا قەرار دەگرێت. بەلاّم هاوكات سەربەخۆیی كوردستان لەهەموو كاتێك زیاتر لەئاستێكی فراوانی كۆمەلاّیەتیدا, وەك ڕێگاچارەیەكی واقعی وبەپەلە بۆ دەربازكردنی ژیانی چەندین ملیۆن ئینسان لە كوردستان لە نێو گێژاوی جەنگی ئەم باندە ڕەشانەدا,خۆی دەباتە نێو مێشكی هەموو كەسێكەوە. من پێم وایە ئەگەرخەڵكی لەسەرەتای هێنانە پێشەوەی ئەم ڕێگاچارەیە لە لایەن حزبی كۆمۆنیستەوە, وەك شیعارێكی باش وئینسانی و دوور چاوی لێ دەكرد, ئێستا ئیتر بەر دەرگای هەموو كەسێكی لە كوردستان گرتووە,بە بڕوای من درك كردنی خەڵك بەم ڕاستیە ڕەوەندێكی تاڕادەیەك باشی بڕیوە. مەسەلەی چارەنووس ساز ئەوەیە كە بەر لە داخرانی دەرگاكان بەڕووی ئەم ڕێگا چارەیەدا,خەڵكی كوردستان بەهێزێكی گەورەو بەچاوی كراوەوە بێنە مەیدان و ئەم ڕێگا چارەیە بە كردەوە دەربهێنن.

خەسرەوسایە: بەلاّم هاورێ تاهیر بۆچوونێک هەیە کەدەڵێت بەدوای تێپەڕکردنی دەستوری هەمیشەیی عێراق و هاوکات جێگیربوونی فیدرالیزم وەک "خواستی ئێستای کورد" ودواتریش هەڵبژاردنی کۆمەڵەی نیشتمانی عێراق، هەرچۆنێک بووە دەوڵەتێک لەعێراق دادەمەزرێنێ ئەمەش ئیتر جێگایەک بۆ ستەمی نەتەوایەتی وسەرگەردانی کوردستان ناهێڵێتەوە کەپێشتر بناغەکانی دەستگرتنی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق بوو بە خواستی سەربەخۆیی کوردستانەوە،. لەحاڵێکی ئاوادا ئایا پێداگری لەسەر سەربەخۆیی دواکەوتنی حیزب نیەیە بۆ بزوتنەوەی ناسیونالیزم؟ ئەگەر نا بناغەکانی پێداگری حیزب لەسەر خواستی سەربەخۆیی لەئێستادا چیە؟

تاهیرحەسەن: ئەم هێزانەی ئێستا لەسایەی داگیرکاری ئەمریکادا دەسەلاتیان بەدەستەوەیەو لەم هەزارەی سێهەمەدا, کراونەتە کوێخای قەوم وتایەفە وعەشیرەتە داتاشراوەکانی نێو دەستووری دیموکراسی عێراق!,خۆیان زادەی سیناریۆی ڕەشی ئێستان و مانەوەیان بە درێژەکێشانی ئەم هەلومەرجەوە گرێی خواردووە,بۆیە نەك هەر ناتوانن دەوڵەت دابمەزرێنن وکۆمەڵگە بخەنەوە سەر پێی خۆی,بەڵکو کەمترین شلبوونەوەی دەسەلاتی ئەمریکا دەبێتە دەرهێنانی ئەڵقەی نارنجۆکی تێکهەڵچوونی قەومی وتایەفەیی و مەزهەبی.

بەلام با بۆ لەحزەیەك خۆمان بەو باوەڕە بگەیەنین, کە ئەم هێزانە دەتوانن بە ئارامی دەوڵەت پێك بهێنن و دەستووریش وەك ئەوەی کە نووسراوە جێبەجێ دەکەن,چی بە نسیبی خەڵکی کوردستان دەبێت؟(من بۆیە باسی خەڵکی عێراق ناکەم چونکە پرسیارەکەی ئێوە تایبەت بە خەڵکی کوردستانە). من باوەڕم وایە ئەگەر هەموو ئەم ئەگەرانە بێن بە واقع, ئینجا خەڵکی کوردستان دەگەڕێنەوە بۆ ساڵی 1974 !. بەپێی ئەم دەستوورە کە ناسیونالیزمی کورد هاتوهاواری بۆ دەکات وسوکایەتی نەما بەو کەسانەی نەکات کە ووتیان نەخێر! خەڵکی کوردستان لە عێراقێکی پێناسەکراوی عەرەبی و ئیسلامیدا بەشێوەی فیدراڵی دەژین!. دروست وەك حوکمی زاتی یەکەی ساڵی 1974. ئەگەر عێراق لەسەر بناغەی قەومی ناسنامە دەوڵەتیەکەی دیاری بکرێت,وەك ئەوەی کە لەدەستووردا بە عەرەبی– ئیسلامی پێناسەکراوە, خەڵکی کوردستان تیایدا بەشێوەی فیدراڵی هاوولاتی دەرەجە دوو دەبن!.ستەمی نەتەوایەتی و خودی مەسەلەی کوردیش جگە لەم کێشەیە, کە نزیکەی سەدەیەکە خوێنی خەڵکی کوردستانی لەبەر دەڕوات شتێکی تر نیە. فیدرالیزم شێوازێکە بۆ شەریکبوونی ناسیونالیزمی کورد لە دەسەلاتی مەرکەزیدا,نەك چارەسەری کێشەی کورد!. فیدرالیزم داکوتانی ناسنامەی کورد بوونە بە یەخەی خەڵکی کوردستانداو ناچارکردنیشیانە بەژیان لە نێو عێراقێکی بە عەرەبی و ئیسلامی پێناسەکراوی قانوونیدا. ئەمەش بە بێ چەندو چوون یەعنی هاوولاتی دەرەجە دوو بوون.ئەمەش یەعنی مانەوەی کێشەی قەومی وەك خۆی.

ئەوە ڕاستە کە ئێستاو ئەم لەحزەیە چەوسانەوەی قەومی لەسەر خەڵکی کورد زمان نیەو هێشتا نیشانەیەك لە دەرەجە دوو بوونێك دیار نیە,بەلام ئەوە بەو مانایە نیە کە کێشەی کورد چارەسەر کراوە.بەڵکو مەسەلە ئەوەیە هێشتا دەوڵەتێك لەئارادا نیە,قانوونێك لە ئارادا نیە, دەسەلاتدارێکی حکومەتی جێکەوتوو لە ئارادا نیە,مەسەلەی کوردیش وەك مەسەلەیەکی چارەسەرنەکراو لەنێو ئەم هاوکێشانەدا چووەتە دەورانی سڕبوونیەوە . بزووتنەوەی کوردایەتی دەیەوێ بە بەندوبەست لەگەڵ ناسیونالیزمی عەرەب و ئیسلامی سیاسی لەسەر بەشە دەسەلاتی خۆیان,مەسەلەی کورد بە ڕێگای کۆنەپەرستانەی فیدراڵی وەلام بدەنەوە.ئەمە هێشتنەوی کێشەی قەومی کوردەو گێڕانی ئاشی مانۆڕی سیاسی بزووتنەوەی کوردایەتیە,نەك چارەسەری کێشەکە.لەگەڵ دەرکەوتنی یەکەمین نیشانەکانی حکومەتکردن, دووبارە مەسەلەی کورد لە دەورانی سڕبوون دێتە دەرەوەو ئەوکات کارەساتەکان بەسەر خەڵکی کوردستاندا دووبارە دەبنەوە.هیچ قسەیەك بە ئەندازەی ئەو قسەیەی سەرانی بزووتنەوەی کوردایەتی و ڕۆشنفکرە بەکرێگیراوەکانیان پووچ نیە,کەبەبێ هیچ بەڵگەو ڕۆشنگەریەکی سیاسی و زانستی دەڵێن جارێکی تر ئەنفال و کیمیاباران دووبارە نابێتەوە!!.ئایا بەڕاستی ڕۆیشتنی سەدام حسێن و تەشریف هێنانی سیستانی و جەعفەری بۆ سەر کورسی دەسەلات,سەیر ترە لە دووبارە بوونەوەی ئەنفال ؟!,ئایا بەڕاستی کوژرانی 300 هەزار ئینسانی عێراق تەنیا لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا ئەنفال و کیمیا باران نیە؟!.

بۆیە مەسەلەی سەربەخۆیی کوردستان لە ئێستادا نەك هەر دواکەوتنی حزبی کۆمۆنیست نیە بۆ ناسیونالیزم, بەڵکو ڕێگاچارەیەکە بەتەواوی لەبەرامبەر فیدالیزمی بزووتنەوەی کوردایەتیدایە.پایەی ئەساسی ئەم ڕێگاچارەیە,دەرکێشانی چارەنووسی خەڵکی کوردستانە لەنێو سیناریۆی ڕەشی ئێستای جەنگی تیرۆریزمی ئیسلامی و قەومی وئەمریکا ,دەرکێشانی چارەنووسی خەڵکی کوردستانە لە ژێر چەکوشی تیرۆریستی ئەمریکاو دەزگای تیرۆریزمی ئیسلامی سیاسی وناسیونالیزمی عەرەب وبردنی بە ئاقاری چارەسەرکردنی ڕیشەیی مەسەلەی کورددا. تەنیا ئەوەندە بەسە ئینسان ئەو پرسیارە لە خۆی بکات,بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان لە چیدایە کە چاوەڕێ بکات تا وەزعیەتی سیاسی عێراق بە لایەکدا دەکەوێت؟!.ئاخر خۆ سەد جارمان ووتووە کە کێشەو بەرنامەی ئەمریکا لە ناوچەکەدا لە مەسەلەی عێراق و سەدام حسێن زۆر واوە ترە!.عێراق تەنیا دەروازەیەکە بۆ جەنگێکی گەورەتری ئەمریکا بە مەبەستی پێناسەکردنەوەی دنیای دوای جەنگی ساردو شکڵدان بە نەزمێکی جیهانی تازە کە لەسەر سەروەری خۆی بەسەر جیهانی سەرمایەداریدا ئەم سەردەمەدا دامەزرا بێ؟.

خەسرەسایە: مەسعود بەرزانی لەسەردانەکەیدا بۆئەمریکا ئەمجارە بەپێچەوانەی هەرقسەیەکی پێشتریەوە ئاماژەی بەسەربەخۆیی کوردستانکرد و وای بۆڕۆژنامەکان ڕاگەیاند کە ئەو لەبەر برایەتی "کورد و عەرەب" و پاراستنی یەکێتی خاکی عێراق دەستی لە خواستی سەربەخۆیی هەڵگرتووە. ئێوە چۆن لەم قسانە تێدەگەن؟ ئایا بەڕاستی بارزانی لایەنگری خواستی سەربەخۆییکوردستانە؟

**تاهیرحەسەن:** وا بزانم هەر لەبەر برایەتی(کورد و عەرەب) بوو لە 31 ی ئابدا دەبابەکانی حەرەس جمهوری یان هێنایە کوردستان وهەتا ئاخرین ڕۆژەکانی تەمەنی ڕژێمی بەعس پەیوەندی و هاوکاریان لێ نەبڕی!.ئەو ڕاگەیاندنە کۆنە,پێشتر لەلایەن سەرانی ڕژێمی بەعس و( سەدام حسێن) ەوە,بەکردەوە بەڕێوەبراوە!. (سەدام حسێن) یش دەیووت لەبەر خاتری برایەتی کوردو عەرەب و پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عێراق دەبێ لە هەموو شتێك ببورین و هەموو شتێك لەم پێناوەدا بکەین.جەنگە یەك لە دوای یەکەکانی لەژێر ناوی پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عێراقدا پاساو دەدا!,سەرکوتی وەحشاینەی بزووتنەوەی نارەزایەتی خەڵکی کوردستانی لە دژی چەوسانەوەی قەومی هەر لەبەر خاتری پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عێراق بەڕێوە دەبرد!. جێگای خۆیەتی بپرسین .بە ڕاستی بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان و( برایەتی کورد وعەرەب) وەك دەڵێن, لەکوێی پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عێراقدایە؟!.پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عێراق لە یەك سەدەی ڕابردوودا بووە بە چ خێرو بەرەکەتێك بۆ خەڵکی کوردستان و عێراق؟!.دابەشکردنی خەڵکی عێراق بەسەر قەوم و مەزهەب و تایەفەو عەشیرەتدا,نەك هەر برایەتی کوردو عەرەب تێك دەدات,بەڵکو تەنانەت مەزهەبە جیاوازەکانی نێو خەڵکی عەرەب زمانیش دەکاتە دوژمنی یەك و خوێنیان بە دەستی یەکتری حەڵاڵ دەکات !. ئەو جەنگەپاکتاوکردنە قەومیەی کە ئێستا لە شارەکانی موسڵ وحەویجە و بێجی وکەرکوك و بەغداد بەڕێوە دەچێت و ناسیونالیزمی عەرەب و کورد هەڵیان گیرساندووە,بەرهەمی هەر ئەو سیاسەتە فریوکارانەیەیە!!.

بەڵام گۆشەیەکی تری ئەو ڕاگەیاندنەی بارزانی,بەکارهێنانی وەرەقەیەکی هەڕەشە ئامێزە لەبەرامبەر ئەو هێزانەدا کە خۆیان هاوپەیمانیەتیان لەگەڵدا دامەزراندوون و هەموو ڕۆژێك دەبێ چەك وپینەی شەبەقەکانی بکەن ئەگەر دەمارگیریەکمان نەبێ وبە چاوێکی کراوەوە بڕوانینە قسەکەی بارزانی تەنیا دەتوانین ئاوها لێی تێ بگەین: ئێمە بە هێزی ئاسایشمان,بەدەزگای پاراستن و زانیاریمان,بە هەڕەشەو تەقەکردنمان لە خۆپیشاندانەکانی خەڵك,بە گرتنی پارووی دەمی خەڵك و برسی کردنیان, بەقەدەغەکردنی خۆپیشاندانەکانی خەڵك, بەوەعدەو بەڵێن و تەلەفزیۆن و ڕاگەیاندنمان, بە مەلاو مزگەوت و پارە بەخشینەوەمان, بە هونەرمەند وشاعیران و نووسەرانمان,,,هەموو ئەمانەمان خستووەتە گەڕ بۆ ئەوەی دەنگی خواستی نەخێری خەڵك بە دەستوورو بەڵێ بۆ سەربەخۆیی کوردستان خامۆش ڕابگرین. ئەگەر لە بەڵێنەکانتان پەشیمان ببنەوەو بەشی خۆمانمان لەدەسەڵاتدا پێ نەدەن, ئەم تەوازنەی ئێستا لەدەست دەچێت و خەڵکیمان تاسەر بۆ ڕاناگیرێت!.

ماوەیەك بەر لە ئێستا بارزانی بە دەق ووتی:(بەڕاستی ئەوانەی کە ئێستا لە دەسەڵاتدان,ئێستاش بۆیان بکرێت ئەنفالمان دەکەن!).من ئەم قسەیەی بارزانی دەسەلمێنم .باشە ئەگەر بارزانی ویەکێتی لە پێناوی بەرژەوەندی سەرمایەکانی خۆیان و بەشیان لە دەسەڵاتدا, لەگەڵ ئەو هێزانەی کە دەڵێ بۆیان بکرێ ئێستاش ئەنفالمان دەکەن,حکومەت دروست دەکەن وچارەنووسی خەڵکی کوردستانیان دەخەنە بەر دەست, ئەوا خەڵکی کوردستان لە پێناوی چ بەرژەوەندیەکدا بەم یاری کردنە بەچارەنووسیانەوە ڕازی بن.؟!.ئەمە تاوانێکی ئێجگار گەورەیە بە هەقی چارەنووسی ئێستاو ئایندەی خەڵکی کوردستان ولێپرسینەوەی لە دوایە!.

تاڵەبانی ئەوە هیچ, ئەو خۆی بە دەمی خۆی ووتی کە من لەماوەی 53ساڵی تەمەنی سیاسیمدا هەرگیز ڕۆژێك باوەڕم بەسەربەخۆیی کوردستان نەبووەو بۆشی تێ نەکۆشاوم!.بەڵام من پێم وایە ئەم ئیعتیرافەی تاڵەبانی, بۆ بارزانی مێژووی بزووتنەوەی کوردایەتی ڕاستە. چونکە بزووتنەوەی کوردایەتی بە هیچ جۆرێك بەرژەوەندی لە سەربەخۆیی کوردستاندا نیە!.ئەو دەیەوێ هەمیشە کێشەیەك بە ناوی کێشەی کوردەوە هەبێت,تا خۆی بدات بەملیداو بەناویەوە لەگەڵ دەسەڵاتی مەرکەزیدا بەندو بەست بکات و لەدەسەڵاتی مەرکەزیدا جێگایەکی پێ ببڕێت.ئەگەر تەنیا نیگایەك لە مێژووی نیو سەدەی ڕابردووی ئەم بزووتنەوەیە بکەیت ,ئەو ڕاستیەت بۆ دەسەلمێ, کە لەهەموو دەورەیەکداو بە بە هانەی جۆراو جۆر دژی سەربەخۆیی کوردستان بوون.

باوەڕ ناکەم لەکوردستانێکی سەربەخۆدا خەڵکی مۆدێرن و شاری کوردستان تەحەمولی دەسەڵاتی عەشیرەتی یەکێتی و پارتی بکەن.

خەسرەو سایە: هاوری تاهیر ,هەروەک ئاگادارن سەرانی ئەحزابی ناسیونالیستی کورد بەردەوام لەبارەی سەربەخۆیی کوردستانەوە، ئەوەیان بەگوێی خەڵکدا داوە کەسەربەخۆیی باشە, بەڵام نەئەمریکا ڕازیەو نە دەوڵەتانی ناوچەکە ڕێگادەدەن.ئەم تەبلیغاتانە هەرچۆنێک بن بەڵام لەناوەڕۆکدا خواستیسەربەخۆیی کردەیەکی بێچ گرێی و گۆڵ نیە.. بەڕای ئێوە لەبارودۆخەکانی ئێستای کوردستان و ناوچەکە ودنیادا چەندە ئەم خواستە بەعەمەلی دێتەبەرچاو وچەندە ئیمکانی بەدیهاتنی هەیە؟

**تاهیرحەسەن:** تا ئەو جێگایەی بە تەبلیغاتی بزووتنەوەی کوردایەتی دەگەڕێتەوە لە دژی سەربەخۆیی کوردستان,شتێکی تازە نیە. ئێوە تەماشاکەن. زیاتر لە 12 خەڵکی کوردستانیان لە نێو سەرگەردانی و چاوەڕوانی ونادیاری چارەنووسدا ڕاگرتوو دژایەتی سیاسەتی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقیان کرد لەمەڕ سازدانی ڕیفراندۆم و پێك هێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ, و ووتیان ڕژێمی بەعس لەئارادایەو وورووژاندنی مەسەلەی سەربەخۆیی کوردستان خەڵکی کوردستان دەخاتە بەر مەترسی هێرشی ڕژێمی بەعسەوە!!. ئێستاش دوای ڕووخاندنی

ڕژێمی بەعس خەریکن بە ئیسلامی سیاسی شیعەو سووننە هەمان سیاسەت بەڕێوە دەبەن!. مەعلوم نیە کەی و لە چ کاتێکدا دەبیٚ باسی سەربەخۆیی بکات؟!

هیچ کەسێك نەیووتوە کە بەکردەوە دەرهێنانی ڕێگاچارەی سازدانی ڕیفراندۆم و پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە کوردستان, کەندو کۆسپی لەبەردەمدا نیە,بەلاٚم بینینی کەندو کۆسپ و ڕێگریەکان وەك ئەوەی لە دنیای واقعدا هەیەو بەدوور لە ڕاگەیاندنی یەکێتی وپارتی کە هەر لەسەرەتاوە دژی سەربەخۆیین,مەسەلەیەکی چارەنووس سازەو ڕێگا دەکاتەوە بۆ لابردنیان. من دەپرسم ژیان لەگەڵ دەسەلاٚتی ئیسلامی سیاسی شیعەو سووننەو ناسیونالیزمی عەرەب سەختترە وکەندو کۆسپی زیاتری لە ڕێگایە, یان هەوڵدان بۆ یەکگرتوو کردن و ڕێکخستنی خواستی ملیۆنەها ئینسان لە کوردستان, کە نایانەویٚ لەژێر دەسەلاٚتێکی ئیسلامی–قەومیدا بژین و خوازیاری پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیانن؟!.

بە بڕوای من هەرچەندە لە 14ساڵی ڕابردوودا فرسەتی زۆر لەدەست چووە,بەلاٚم ئەگەر قەرار بێت ڕۆژێکی موناسب ,چ لە ئاستی ناوخۆیی و ناوچەییدا,وەچ لەئاستی جیهانیدا بۆ پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لەئارادا بێت, ئەوا ئەو ڕۆژەو ئەو فرسەتە هەر ئەمڕۆ و هەر ئێستایە. ئێوە تەماشاکەن. لە ئاستی ناوخۆدا ,هێشتا دەسەلاٚتێك لە ئارادا نیەو ناسیونالیزمی عەرەب و ئیسلامی سیاسی شیعەو سووننە خەریکی کێشە دەروونیەکانی خۆیانن و توانای هیچ مانۆڕێکیان نیەو کەمترین هەڕەشەیان لەسەر خەڵکی کوردستان و ئەم خواستە ناتوانێت ببێت. لە ئاستی ناوچەیشدا, تا ئەوجێگایەی بە جمهوری ئیسلامی دەگەڕێتەوە, لەژێر فشاری جدی کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی و خەڵکی ناڕازی و تووڕەی ئێراندایەو نازانێت چۆن خۆی لە ژێر ئەو فشارانە دەربکێشی وئاخرین ڕۆژەکانی عومری نەگریسی بەسەر دەبات. تورکیاش وێڕای دنیایەك کێشەی ئابووری و سیاسی, هەموو هەوڵی حکومەتی بۆ ئەوەیە کە سەرانی وولاٚتانی ئەورووپا ڕازی بکات بەوەی لە یەکێتی ئەوروپادا بە ئەندام قبووڵی بکەن!. دەوڵەتی سووریا وەزعی لە هەموویان خراپترەو هێشتا سەرانی ئەو ڕژێمە دڵنیا نین لەوەی کە دەمێننەوە یان هەمان بیتاقەکەی سەدام حسێن یان بۆ دەر دەچێت یان نا!. تا ئەو جێگایەی بە ئەمریکاش دەگەڕێتەوە, تەواوی دنیا شاهیدی شکستی سیاسی و سەربازی ئەمریکایە لە زەلکاوی عێراقداو ئەمەش بابەتی گەرمی نێو ئەنجومەنی پیرانی ئەمریکایە.

من باوەڕم وایە کە وولاٚتانی کەنداو هەرچەندە بە زمانی خۆیان نەیان ووتووە,بەلاٚم بە پارچەپارچە بوونی عێراق نارەحەت نین!,چونکە عێراق وەك وولاٚتێکی گەورە هەم لەباری ڕێژەی دانیشتوانەوەو هەم لەباری ئابووریەکی بە هێزەوە,بەدرێژایی مێژووی حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی نیو سەدەی ڕابردووی عێراق, هەمیشە سەرچاوەی هەڕەشە بوون بۆ وولاٚتانی کەنداو,بۆیە عێراقێکی پارچە پارچە کراوی لاوازیان پیٚ باشترە لە عێراقێکی یەکپارچەی بەهێزی سەرچاوەی هەڕەشە.

هەموو ئەم فاکتەرانە بە ئاڕاستەی مەسەلەی سەربەخۆیی کوردستاندا کۆمەك دەکەن. بەلاٚم مەرجی حەیاتی و بەرلەهەر شتێك ئەوەیە کە خەڵکی کوردستان بەهێزێکی عەزیمی جەماوەریەوە بێنە مەیدان و چارەنووسیان لە دەستی یەکێتی و پارتی دەربهێنن. پڕ بە گەروو هاوار بکەن, سازدانی ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستانمان دەویٚ. بەلاٚم ئەم وەزعیەتە هەتا سەر وەها نابێت, ئەوەتا هێزەکانی ناسیونالیزمی عەرەب و ئیسلامی سیاسی خەریکن ڕیزەکانیان بەهێز تر دەکەن, خەریکن جەنەراڵەکانی حەرەس جمهوری دەهێننەوە نێو حکومەت!.خەڵکی کوردستان دەبیٚ ئیرادە بکەن, ئەوان لەم ڕێگایەدا بە تەنیا نین, حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقیان هەیە.ئەو حزبەی کە هەر لەم پێناوەدا جەنگ لە دژی بەڕێوە براو چەندین ئینسانی گەورە تیایدا بوونە قووربانی.

**12/11/2005**